
شیعر



جەوهەر شوانی

# دەرفەتم بدە.. ئەی مەرگ

ئەی مەرگ ..
مەیە نێو تەلبەندەکانی تەمەنمەوە و
دەرفەتی ئێوارەیەکی دیکەم پێ ببەخشە
بۆ ئەوەی تاوێک بەهێمنی گوێ لەخۆم ڕادێرم
ئەو ڕۆژەی روخساری ئێمەیان
لەنێو ئاوێنەکانی وجوددا شێواند
لەودەمەوە..
تامەزرۆی بینینی خۆمانین
ئازیزم
هێندە بیر لە کردنەوەی ئەم دەرگایە مەکەرەوە
کە زۆرینەی تەمەنمان لەودیوییەوە جێ هێشتووە
دەبێت وەسێتی ئەم ئێوارەیە
بۆ ئێوە جێ بهێڵم
هێندە بەهانە بە ئاوێنەکان مەگرە
بۆ ناسینەوەی حەقیقەتی خۆت

ئازیزم..
چاوەڕوانی چیت؟
گەر فریاکەوتم
ماڵێکت بۆ چێ دەکەم..
پڕبێت لە بەرائەتی جوانی و
ڕەنگەکانی ژیان.
ئەی مەرگ..
دەرفەتم بدە.. دەرفەت
یاسایەکت نییە
بۆ ئاگادارکردنەوە
لە کاتژمێرە کۆنەکەی ماڵی باپیرەم دەچیت
هەر کاتێ بتەوێت زەنگی خۆت لێدەدەیت و
دەرفەتم نادەیت
تا بیر لە سەمای درەختێک بکەمەوە
لێم گەڕێ
با لە تاریکەشەوێکدا
هەموو نهێنیەکانی تەمەن بسووتێنم و
سپێدەیەکی تر یادی لەدایکبوونم بکەمەوە
لەوکاتەدا حەزم لە فڕینە.. فڕین
هاوڕێ..
چاوەڕوانی ئەم سەرفەرەی تۆم
تۆش بەمیهرەبانی خۆتەوە
تەنیاییم لێ بسێنەوە و
بمبەرەوە مەملەکەتی لەدایکبوونم
ئەی مەرگ..
دەرفەتم بدە.. دەرفەت
تا هەناسەیەکی تر هەڵمژم

